www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 18:13 1-2-2007

# چالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتوچۆی سلێمانی لەماوەی یەک مانگدا

كوردستان نیت سلێمانی:

بەڕێوەبەرایەتی ئەندازەی هاتوچۆی سلێمانی، یەكێكە لەو بەڕێوەبەراتیانەی كە بەردەوام كارمەندەكانی بۆ رێكخستن و چاودێریكردنی شەقام جادەكان و كەمكردنەوەی روداوی هاتوچۆ كەهەموو رۆژانێك بەردەوام لەسەر شەقامەكان دەبینرێت و سەرقاڵی كاروچالاكیەكانی خۆیان. لەیەكێك لەشەقامە گشتییەكانی شار ئەمین ساڵح بەڕێوەبەری ئەندازەی هاتوچۆی سلێمانی رۆژی هەینی چاودێری كارەكانی دەكرد. لەوڵامی پرسیارێكێك سەبارەت بە كارەكانیان بەم شێوە تیشكی خستەسەر كاروچالاكییەكانی بەڕێوەبەرایەتیەكەیان. لە پێناو پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و كەمكردنەوەی روداوی هاتوچۆ و رێكخستنی لەماوەی یەك مانگی رابردو (2588) مەتر تاسەمان لەسەرجەم شار و شارۆچكەكانی سلێمانی و دەوروبەری و هەندێ لە شارۆچكەكانی پارێزگای كەركوك داناوە بەشێوەیەكی زانستی و جوان و (112) هێما لە شوێنە گشتیەكان و لاوەكیەكان دانراون.

لەناوشاری سلێمانی (8) گالوون لەرێگاكاندا دانراوەو لەساڵی 2006 لەسەرەتای دەست بەكاربوونمان لەمانگی نیسانی رابردو (161) گالوون و (5873) سیرامیكی زەردو (3669) سیرامیكی سپی لەشەقامەكان دانراون.

وە (193) مەتر تاسەو (3366) سیرامیكی چاوپشیلە كەتایبەتن بەشەو بەشێوەی فسسفۆر دەردەكەون. دانراون.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.